# بەند و مەرجەکانی (هێڵی SOHOـی ئای کۆنترۆڵ بۆ کار و باری بزنس)

(1) تکایە پێش دەستگەیشتن یان بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان ئەم بەند و مەرجانە بە وردی بخوێنەرەوە. و دەتوانیت کۆپییەکی ئەم مەرجانە چاپ بکەیت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەکاری بهێنیت.

(2) زاراوەکانی دەستەواژەکانی "بەکارهێنەر، بەکارهێنەران" کە لەم بەند و مەرجانەدا هاتوون ئاماژەن بۆ بەشداربوو/بەشداربووانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بۆ پەیوەندییەکان – پشکداری تایبەت.

(3) بەند و مەرجەکان شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەلایەن ئاسیاسێڵەوە بۆ بەشداربووان دیاریدەکەن. ئەم مەرجانە و هەر مەرجێکی تری تایبەت بە خزمەتگوزاری و گرێبەستی نێوان ئاسیاسێڵ و بەشداربوو، سروشتی پەیوەندیی نێوانیان پێکدەهێنن.

(4) کۆمپانیا و دامەزراوە و خاوەنکارەکان دەتوانن هێڵی ئای کۆنترۆڵ بەدەستبهێنن ئەگەر داوای بکەن و مەرج و بەڵگەنامە پێویستەکان دابینبکەن. کۆمپانیاکان و دامەزراوەکان و خاوەنکارەکان دەتوانن هێڵی ئای کۆنترۆڵ بەدەست بهێنن ئەگەر مەرج و بەڵگەنامە داواکراوەکان دابین بکەن.

(5) هێڵی ئای کۆنترۆڵ بریتییە لە یەك سیمکارتی هێڵێکی پریپەید کە دەتوانرێت لە رێی کارتی پرکردنەوەی باڵانسی پریپەیدەوە پربکرێتەوە و بەردەستە بۆ بەشداربووانی ئاسیاسێڵ لە ناو عێراقدا.

(6) ئەم هێڵە دەتوانرێت بە دوو جۆر بۆ بەشداربووان دابین بکرێت، هێڵێکی سەرەکی بەلایەنی کەمەوە یەك هێڵ و هێڵە لاوەکییەکان تا ئەوپەری نۆ هێڵ بۆ هەر هێڵێکی سەرەکی بەپێی قەبارەی پاکێجی بەکارهێنراو، کە یەك هێڵ بۆ هەر بەشداربوویەك تەرخانبکرێت، بەرچاوکردنی ئەوەی کە نابێت لە حەوت هێڵ زیاتر بۆ هەر فەرمانبەرێك تەرخانبکرێت.

(7) هیچ ماوەیەکی چریی نییە بۆ بەکارهێنانی هێڵی ئای کۆنترۆڵ، بەو پێیەی کە نرخەکان لە هەموو کاتەکاندا جێگیرین لە ناو عێراقەوە.

(8) پێویستە بەکارهێنەری هێڵی سەرەکی داوای بەشداریکردن لە یەکێك لە پاکێجە بەردەستەکانی ئای کۆنترۆڵ بکات بەپێی قەبارەی ئەو پاکێجەی کە داوای دەکات لە کاتی داوای بەشداری کردنەکەدا:

| ناوی پاکێج | بەشداریکردنی مانگانە | زۆرترین ژمارەی هێڵە بەردەستەکان | خولەك بۆ پەیوەندی ناوخۆیی | ژمارەی نامە ناوخۆییەکان | ئینتەرنێت GB | خولەك لەناو هێڵە بازرگانیەکاندا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئای کۆنترۆڵ 2 | 20,000 دینار | 2 | 200 | 200 | 4 | 7000 |
| ئای کۆنترۆڵ 4 | 40,000 دینار | 4 | 450 | 450 | 9 | 14000 |
| ئای کۆنترۆڵ 6 | 60,000 دینار | 6 | 750 | 750 | 15 | 21000 |
| ئای کۆنترۆڵ 8 | 80,000 دینار | 8 | 1100 | 1100 | 22 | 28000 |
| ئای کۆنترۆڵ 10 | 100,000 دینار | 10 | 1500 | 1500 | 30 | 35000 |

(9) بەشداربووان دەتوانن لە رێی کارتی جۆراو جۆری پرکردنەوەی باڵانسەوە، باڵانسی هێڵی پریپەیدەکایان پربکەنەوەو و هێڵەکە بەکاربهێنن، کە تێیدا کرێی بەکارهێنان حیساب دەکرێت لە ئەگەری تەواوبوونی یەکەکانی پاکێجەکانی ئای کۆنترۆڵ بەپێی کرێی هێڵ کە لە باڵانسی هێڵەکە دەروات، و بەشداربوو لە رێی نامەیەکەوە ئاگادار دەکرێتەوە لە ئەگەری تەواوبوونی یەکەکانی پاکێجەکە.

(10) بەشداربوو دەتوانێت بزانێت بری باڵانسی حسابەکەی چەند ماوەتەوە لە حسابی پریپەید لە رێی {USSD} ـەوە بە بەکارهێنانی کۆدی {*133#} (بێبەرامبەر) ئەگەر هێڵەکە رانەگیرابێت.

(11) بەشداربوو دەتوانێت بری ماوە لە پاکێجەکی هێڵەکەی بزانێت لە رێی {USSD} بە کۆدی {*133#} (بێبەرامبەر) ئەگەر هێڵەکە رانەگیرابێت.

(12) بەشداربووی هێڵی سەرەکی چالاك دەتوانێت ئەپڵیکەیشنی مۆبایلی لە ئاسیاسێڵەوە بۆ هێڵی ئای کۆنترۆڵ بەکاربهێنێت بۆ رێگەدان بە هێڵە لاوەکییەکان یەکەکانی پاکێجی هێڵی سەرەکی خۆی بەکاربهێنن بە دیاریکردنی بری بەردەست بۆ هەر هێڵێکی لاوەکی.

(13) بەشداربووی هێڵی سەرەکی بەرپرسیارە لە دیاریکردنی یەکەکانی پاکێج لەناو هێڵەکانی گروپەکەیدا بەپێی پێویستی هەر بەشداربوویەک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هەر مانگێک لە ڕێی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی مۆبایل بۆ ئای کۆنترۆڵ {Asiacell Business }.

(14) بەشداربووی هێڵی سەرەکی دەبێت کۆدی داخڵبوون دابنێت {PIN} بۆ ئەپڵیکەیشنەکە کە لە ڕێی کورتەنامەوە بۆ هێڵەکەی نێردراوە بۆ ئەوەی داخڵی ئەپڵیکەیشنی {Asiacell Business} ببێت بۆ دڵنیابوون لە پاراستن لە دزەپێکەران.

(15) هەر بەشداربووێکی سەرەکی دەتوانێت یەك پاکێج هەڵبژێرێت لە مانگەکەدا بۆ هێڵەکەی، هەروەها دەتوانێت داوای گۆڕینی قەبارەی پاکێجەکە بکات بۆ مانگی داهاتوو.

(16) هەموو پاکێجەکانی ئای کۆنترۆڵ دەکرێت تەنها لەناو عێراقدا بەکاربهێنرێت، بەو پێیەی دەتوانرێت پاکێجی ڕۆمینگ لە دەرەوەی عێراق بەکاربهێنرێت.

(17) پاکێجی هێڵی ئای کۆنترۆڵ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نوێ دەکرێتەوە دوای {30} ڕۆژ کاتێک باڵانسی پێویست بەردەستبێت، و پاکێجی پێشووی کە ماوە ڕادەگیرێت لە کاتی بەسەرچوونی کارایی پاکێجەکە، و بەشداربوو دوو ڕۆژ پێش نوێکردنەوەکە بە نامەیەک ئاگادار دەکرێتەوە.

(18) بەشداربووی هێڵی سەرەکی دەتوانێت بڕی یەکە ماوەکانی پاکێجی ئای کۆنترۆڵ بۆ هەموو هێڵەکانی ناو گروپەکەی بزانێت، بە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی مۆبایلی {Asiacell Business}

(19) بەشداربووانی هێڵی ئای کۆنترۆڵ دەتوانن لە کاتی پێویستدا لە ئاسیاسێڵەوە بەشداری لە چەند پاکێجێکی تری بەردەستدا بکەن، بەڵام یەکەکانی ئەم پاکێجانە لەلایەن بەشداربووەکانی تری گروپەکەوە بەکارناهێنرێن.

(20) لە ئەگەری ڕاگرتنی هێڵەکە، نوێکردنەوەی پاکێجی هێڵەکە ڕادەگیرێت تا پڕکرنەوەی باڵانس چونکە بەشداربوو ناتوانێت ئەپڵیکەیشنەکە بەکاربهێنێت تاوەکو ڕاگرتن لەسەر خزمەتگوزارییەکە هەڵدەگیرێت.

(21) نرخێکی چونیەك حسابدەکرێت بۆ پەیوەندیکردن بە هەموو تۆڕە ناوخۆییەکان لە ئەگەری بەکارهێنان لە دەرەوەی پاکێجی هێڵەکە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە لە باڵانسی هێڵەکە دەبڕدرێت:

| خزمەتگوزاری | تێچوو |
|---|---|
| پەیوەندییەکان بۆ ئاسیاسێڵ | 2.0 دینار/چرکە |
| پەیوەندیکردن بە تۆڕە ناوخۆییەکانی ترەوە | 2.0 دینار/ چرکە |
| پەیوەندی نێودەوڵەتیی | بەپێی باجی کارپێکراو بۆ هەر وڵاتێک |
| کورتەنامە بۆ ئاسیاسێڵ | 40 دینار/ کورتەنامە |
| کورتەنامە بۆ تۆڕە مۆبایلە ناوخۆییەکانی تر | 40 دینار/ کورتەنامە |
| کورتەنامەی نێودەوڵەتی | 150 دینار/ کورتەنامە |
| پەیامی دەنگی و ڤیدیۆیی بۆ ئاسیاسێڵ | 120 دینار/ نامەی دەنگ و ڕەنگ |
| نامەی دەنگی و ڤیدیۆیی بۆ تۆڕە مۆبایلە ناوخۆییەکانی تر | 120 دینار/ نامەی دەنگ و ڕەنگ |
| ئینتەرنێت | 6 دینار/10 کیلۆبایت |

(22) زۆرترین باڵانسی حیسابی پرییپەیە 600 هەزار دینارە، واتە لە هەر کاتێکدا زۆرترین باڵانسی ناو هێڵەکە نابێت لە 600 هەزار دینار زیاتر بێت.

(23) نرخی تێچووی پەیوەندیی نێودەوڵەتیی، ئەگەر لە ئەژمێری پرییپەید حیساب بکرێت، بەپێی نرخە بڵاوکراوەکانی ئاسیاسێڵ دەبێت.

(24) سیمی هێڵی ئای کۆنترۆڵ بەخۆڕاییە و بێ باڵانسی سەرەتاییە بۆ ئەژمێری پرییپەید.

(25) داواکاری بۆ سیمکارتەکانی هێڵی ئای کۆنترۆڵ لەلایەن تیمی فرۆشتنی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ و هەروەها لەلایەن فرۆشگاکانی لقەکانی ئاسیاسێڵ و بریکارەکانیەوە داوا دەکرێت.

(26) نامەیەکی بەخێرهاتن بە ناوی پاکێجی هەڵبژێردراوی ئای کۆنترۆل دەنێردرێت لە کاتی چالاککردنی هێڵەکە بۆ یەکەمجار لەلایەن بەشداربووەکەوە، و کرێی مانگانە بۆ پاکێجی هێڵی ئای کۆنترۆڵ حیساب بۆ دەکرێت.

(27) یەک گرووپی داخراوی تایبەت بۆ هەر کۆمپانیایەک/خاوەنکارێک دیاری دەکرێت، کە خولەکی مانگانەی ناو گرووپەکە تەنها بۆ ئەم ژمارانە بەکاردەهێنرێت.

(28) هێڵە لاوەکییەکان بە کورتەنامەیەك ئاگاداردەکرێنەوە لە کاتی دیاریکردنی قەبارەی یەکە بەردەستەکانی پاکێجی ئای کۆنترۆڵی کە لەلایەن هێڵی سەرەکی ئای کۆنترۆڵەوە دیاریکراوە.

(29) بەشداربووان دەتوانن پرسیار لەبارەی ئەم خزمەتگوزارییەوە بکەن بە پەیوەندیکردن بە خزمەتگوزاری بەشداربووانی کۆمپانیا 323 (بێبەرامبەر).

(30) کوالیتی خزمەتگوزارییەکان هەندێک جار کەوتوتە ژێر هۆکارگەلێکەوە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئاسیاسێلەوەن. بە بە ڕەچاوکردنی جۆری خزمەتگوزارییەکان، ئاسیاسێل ناتوانێت هەموو کات گەرەنتی ئەوە بکات کە خزمەتگوزارییەکان لە هەموو ناوچەکان و لە هەموو کاتەکاندا بەردەست دەبن، یان بەبێ هیچ کەموکووڕییەك دەبن کە لە ئەنجامی پچڕان یان وەستانی خزمەتگوزارییەکان سەرهەڵبدات. ڕەنگە هەندێک جار ئاسیاسێل کاری چاککردنەوە بۆ تۆڕەکانی ئەنجام بدات و هەڵەکان ڕاست بکاتەوە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی پچڕانی خزمەتگوزارییەکان.

(31) بەشداربوو پابەندە بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە، و بە گوێرەی یاساکانی عێراق، و بە تایبەتی، خزمەتگوزارییەکان بەکارنەهێنێت بۆ ئەنجامدانی هەر پەیوەندییەکی بێزارکەر، نەشیاو، هەڕەشە یان فریودەر، یان ناردنی هەر کورتەنامەیەکی بێزارکەر یان هەر ئیمەیڵێکی نەخوازراو یان بۆ ئەنجامدانی ساختەکاری یان هەر کردەوەیەکی تاوانکاری.

(32) کەسی ڕێگەپێدراوی کۆمپانیاکە یان بەکارهێنەری هێڵی سەرەکی، دەتوانێت داواکارییەک پێشکەش بە بەشی فرۆشتنی کۆمپانیاکانی ئاسیاسێل بکات بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی یەکێک لە هێڵە بەکارهێنراوەکان.

(33) ئاسیاسێل بەرپرسیار نییە لە کڕینی هیچ سیمکارتێک یان هەر بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەکی تری ئاسیاسێل لە بریکاری بێ مۆڵەت یان هەر کەسێک کە ڕێگەپێدراو نییە بۆ ئەو کارە.

(34) بەکارهێنەر بەرپرسیارە لە پێشکەشکردنی زانیاری کەسیی ورد و نوێ کە بە بەڵگەنامەی ڕەوا و ڕەسەن (ئەسڵی) پشتگیری کرابێت و وەکو ئەوەی کە لە یاسا کارپێکراوەکان و فەرمان و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکانی تردا هاتووە کە لەلایەن دەسەڵاتە فەرمییەکانەوە دەرچووە.

(35) بەکارهێنەر دەبێت ئاسیاسێل ئاگاداربکاتەوە لە گۆڕانی هەر کام لەو زانیارییە کەسییانەی پێشکەشیکردوون لە ماوەی (3) ڕۆژدا دوای ڕوودانی گۆڕانکارییەکە.

(36) ئاسیاسێل بە مافی خۆی دەزانێت گۆڕانکاری بکات لە خزمەتگوزاری، ئۆفەر یان هەر بڕگەیەکی ئەم بەند و مەرجانە ، هەڵیانبوەشێنێتەوە یان دەستکاریان بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ بەکارهێنەر(مکان). لە ئەگەری ئەوەی کە هەریەکێک لەم گۆڕانکاریانە لێکەوتەی نەرێنی بۆ بەکارهێنەر هەبێت، ئاسیاسێل پێش جێبەجێکردنیان بەکارهێنەر ئاگاداردەکاتەوە و بەکارهێنەر ئازادە بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکە، یان بەشداریکردن لە هێڵێکی تر هەڵبژێرێت.

(37) ئاسیاسێل بەرپرسیار نابێت بەرامبەر بە بەشداربوو یان هەر یەکێک لە بەکارهێنەرانی لە هەر لە دەستدانێکی کار، داهات، قازانج، پاشەکەوتی پێشبینیکراو، لەدەستدانی هەر داتایەك، یان هەر زیانێکی ناڕاستەوخۆ یان دەرەنجامێك کە بەکارهێنەر یان بەکاربەرەکەی تووشی بووە.

(38) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەند و مەرجەکانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانمان، تکایە سەردانی ماڵپەڕی ئاسیاسێل بکەن: .http://www.asiacell.com/

(39) پێناسەی "ڕۆژ" لەسەر بنەمای کاتی ناوخۆیی عێراقە، لە کاتژمێر12:00:00 نیوەشەوەوە (00:00:00) دەستپێدەکات تاوەکو کاتژمێر 11:59:59 ئێوارە (23:59:59).

(40) ڤێرژنی عەرەبی بۆ لێکدانەوەی ئەم بەند و مەرجانە پشتی پێ دەبەسترێت، و هەروەها بۆ کاروبارە یاساییەکان و کاروبارە هاوشێوەکانی تر ، و لە حاڵەتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوان ڤێرژنەکانی تری ئەم بەند و مەرجانە، ئەوا ڤێرژنە عەرەبییەکە کە پشتی پێ دەبەسترێت.

(41) بەکارهێنەر پابەندە بە پێدانی هەموو ئەو برە باجانە یان هاوشێوەکانی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەر بەکارهێنەردا دەسەپێندرێت لە هەر کاتێکدا لە ماوەی کارایی گرێبەستەکەدا یان ماوەکانی نوێکردنەوەدا، و دەبێت لەلایەن بەکارهێنەرەوە بدرێت وە بە هەر شێوەیەك کە بەپێی یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان دیاری دەکرێت.